# یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٩**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/١٥**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/١٤ی دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:ـ

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٨
## یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

خولی هەڵبژاردراوی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێ کە بڕیار بوو لە ١٩٩٨/٦/٤دا کۆتایی بێ، بەگوێرەی بڕیاری درێژکردنەوەی سێیەم کە لە ئەنجوومەن بە ژمارە (٢)ی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣ دەرچووە.

ئەنجوومەن لە کاردا دەبێ تا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی تازە و بەستنی یەکەم دانیشتنی خۆی.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانییەوە کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆكارە پێویستەكان

ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەرهەمی خەباتی گەلی كوردستان و قوربانی دانی هەزاران شەهیدی بزاڤە ئازادی خوازییەكەیەتی، بەكۆڵەگەی سیستەمی سیاسی دامەزراو دادەندرێ لە هەرێمدا و بنكەی ئەزموونە دیموكراتیەتەكەیەتی و چاوگی ڕەوایی دەسەڵاتە.

لەدەست دان و دڵ پێوەنەبوون بە ئەنجوومەنی ئێستا بێ ئەوەی برەخسێ ئەنجوومەنێكی تازە هەڵبژێردرێ و جێگاكەی بگرێتەوە هەڵەیەكی گەورەیە، پاراستنی و پەزێرایی لێكردنی بەرپرسییەتێكی مێژووییە لە سەرشانی هاونیشتمانی كوردستانی بە پەرۆش بۆ بەرژەوەندییە باڵاكانی گەل و نیشتمان، باری ناوخۆی هەرێم بەهۆی كوشت و بڕی ناوخۆوە نەی هێشتووە هەڵبژاردنێكی تازەی ئەنجوومەن ئەنجام بدرێ، ئەمەش وایكردووە كە ئەنجوومەن لەسەر ئارەزووی گەلی كوردستان خولی هەڵبژاردنی یەكەم بۆ سێ جاری یەك لەدوای یەك درێژ بكاتەوە بێ ئەوەی بەربەستەكان لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لابچێ.

لەبەر ئەوەی بنەما دەستوورییەكانی هەموو میللەتە خاوەن ژیارەییەكان و سیستەمە دیموكراسییە باوەكان كۆكن لەسەر ئەوەی كە باری ناهەموار و لە ناكاو و خەتەرناك و شەڕ، لەو عوزرانەن كە ماوەی پەرلەمانەكان درێژ بكرێتەوە تاخەتەرناكی ئەو لەمپەرە لادەچێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن وباری پێویست دێتەكایەوە بۆ ئەنجامدانی بە شێوەیەك كە هەڵبژێرەر(الناخب)ەكان بتوانن مافی هەڵبژاردن بەشێوەیەكی دیموكراسی و ئازادانە پیادە بكەن.

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تازە، بەندە بە كۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆوە و بەرقەراربوونی ئاشتییەكی بەردەوام، بۆیە ئەم یاسایە دەرهێندرا.